## پێڕست



| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٣ |
| بەشی یەکەم<br>میراتی لەگرنگترین سیستەمە نائیسلامییەکاندا | ٥ |
| بەشی دووەم<br>میراتی لەئیسلامدا | ١٧ |
| بەشی سێهەم<br>جیاکەرەوەکانی تەشریعی قورئان لەمیراتیداو ڕووەکانی ئیعجاز و کاریگەریە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی | ٢٩ |
| ئەنجامەکانی توێژینەوە | ٤٠ |
| کورتەیەك دەربارەی ناوەند وچالاکیەکانی | ٤٢ |
| پێڕست | ٤٤ |



زنجیرە کتێبەکانی ئیعجازی زانستی
لە قورئان وسوننەتدا
(٦)



# ئیعجازی تەشریعی لە میرات دا

ئامادەکردنی:
پرۆفیسۆر ئەحمەد یوسف سلێمان

وەرگێڕانی:
مافناس دایکی لانە

لە بڵاوکراوەکانی
ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا
چاپی یەکەم - ١٤٢٨کۆچی / ٢٠٠٨ز

بسم الله الرحمن الرحيم

۞ ناوی کتێب : ئیعجازی تەشریعی لە میراتدا
۞ نووسینی : أ.د. أحمد یوسف سلیمان
۞ وەرگێڕانی : مافناس دایکی لانە
۞ ژمارەی سپاردن : ١٠٩٤ی ٢٠٠٧
۞ دیزاین و چاپ : ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا
۞ چاپی : یەکەم



٦- سود وەرگرتن و سوود گەیاندن لەڕێی تەکنەلۆجیای گەیاندن لە جیهاندا.

٧- بەشداری کردن لەکۆڕو کۆنگرە زانستیەکانی ناوخۆو جیهاندا، و بەدەمەوەچوونی بانگهێشتەکان.

٨- سازدان و بەشداری کردن لەوەرزی ڕۆشنبیریدا.

٩- بەکارهێنانی کەناڵە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن.

## لەچالاکی‌یەکانی ناوەند:

١- سازدانی چەند کۆڕێکی گشتی بۆ ڕۆشنبیران و زانست دۆستانی شارەکەمان لەلایەن کەسانی پسپۆڕی ناوەندەکەمان لە بوارەکانی: پزیشکی، گەردوونزانی، جیۆلۆجی، فیزیا، ژمارەیی و بیرکاری، ڕەوانبێژیو مێژوویی.. و پەخش کردنیان لەڕێی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، هەروەها ئامادەکردنیان لەسەر شریتی ڤیدیۆو (CD) بۆ سوودی زیاتر.

٢- سازدانی کۆڕی ناوخۆیی مانگانە بۆ ئەندامانی ناوەند، لەبوارە جیاوازەکانی ئیعجازداو دۆکیومێنت کردنیان.

٣- تۆمارکردنی زنجیرە بابەتی ئیعجازیی بۆ مانگی ڕەمەزانی پیرۆز (٣٠)زنجیرە، لەلایەن ئەندامانی ناوەندەوە بەمەبەستی پەخش کردنی لەهۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە (ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن)، هەروەها ئامادەکردنیان لەسەر شریتی ڤیدیۆ و (CD) و بلاوکردنەوەیان.

٤- ئامادەو پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی رادیۆیی تایبەت بەناوەند بەناوی (هەیڤ) لەرادیۆی (یەکگرتوو)وەوە، کە بۆماوەی دووساڵە بەردەوام بوو لەسەر پەخش کردن.

٦- دروست کردن و ڕێك خستنی کتێبخانەیەکی خوێنراو و بینراو بیستراو بۆ ناوەند لە نوسینگەی سەرەکی ناوەنددا.

٧- دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە بابەتەکانی ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا لە ژێر ناوی (هەیڤ)، کە یەکەم گۆڤاری پسپۆڕە لەو بوارەدا لە کتێبخانەی کوردیدا، تا ئێستا ١٢ ژمارەی لێ دەرچووە کە ژمارە (١)دوو چاپی لێ دەرچووە، و لەژمارە پێنجەوە بەشێکی بەزمانی عەرەبی بۆ زیادکراوە. ٨- دەست کردن بەدەرکردنی زنجیرەیەك کتێبی تایبەت بە بوارەکانی ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا، کە ئەم کتێبەی بەردەستت ژمارە شەشە لەم زنجیرەیەدا.

## کورتەیەك دەربارەی ناوەند وچالاکییەکانی

ناوەند کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا، ناوەندێکی زانستی سەربەخۆیە، هەوڵدەدات بۆ دەرخستن و بڵاوکردنەوەی ڕووەکانی ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا، لە ساڵی ٢٠٠٠دا دامەزراوە، لەبەرواری ٥/٥/ ٢٠٠١دا لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە مۆڵەتی کارکردنی پێدراوە، بارەگای گشتی ناوەند لەناو شاری سلێمانیدایە.

### ئامانجەکانی ناوەند:

١- خزمەتکردنی بانگەوازی ئیسلام لە کوردستاندا لە بواری ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا.

٢- زێدە ئاشکراکردنی ڕۆشنبیران و زانستخوازان بە ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا.

٣- بڵاوکردنەوەی بابەت و لێکۆڵینەوە لە بواری ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا.

٤- پەیوەندی کردن بەهەر دەزگایەك یان دامەزراوەیەك یان کەسایەتییەك کە گرنگی دەدات بەم بوارە بەمەبەستی هاوکاری کردن.

٥- هاندانی لێکۆڵینەوەو نوسین لە بواری ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا و هاوکاری کردنی ئارەزوومەندان لەم بوارەدا.

٦- هەوڵدان بۆ دەرخستنی ڕۆڵی زانا موسڵمانەکان لەبواری ئیعجازو پەرەپێدانی زانستیدا.

### هۆکارەکانی ناوەند:

١- پەیداکردنی سەرچاوەی جۆراوجۆر لە بوارەکانی ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا، و پێکەوەنانی پەرتوکخانەیەکی بینراو و بیستراو و خوێنراوە.

٢- سازدانی کۆڕو سیمینارو ڕیپۆرتاژو بەرنامەی رادیۆییو تەلەفزیۆنی بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکانی ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا.

٣- بڵاوکردنەوەی پەڕتوك و نامیلکەو شریت.

٤- دەرکردنی بڵاوکراوە (وەك گۆڤارو ڕۆژنامە)، کە گرنگی بدات بە بوارەکانی ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا.

٥- کردنەوەی خولی جۆراوجۆر بۆ زانستەکانی قورئان و سوننەت.



## پێشەکی

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە، درودوسڵاو بۆ ئەو نێرراوەی کە بەزەییە بۆ هەموو جیهان و شوێنکەوتووانی هەتا رۆژی دوایی. ئێمەی موسڵمان لەوە دڵنیاین کە قورئانی پیرۆز وتەی خوای باڵادەستە، لە بەرئەوەی بێ هاوتایە، خوای گەورە بەرەنگاری عەرەبی پێکردووە کە بەزمانی خۆیان دابەزیوە و لەو کاتەدا لەلوتکەی ڕەوانبێژیدا بوون کە هاوشێوەی قورئان یان دە سورەت تەنانەت یەك سورەت بهێنن کاتێك دەستەوەستان بوون و نەیان توانی، بریاریاندا بەجەنگ ڕووبەڕووی ببنەوە.

لەسەردەمی نوێدا موسڵمانان هەوڵیانداوە ئیعجازی قورئانی پیرۆز بەشێوەی تر دەربخەن جگە لەئیعجازی دەربڕین (ئیعجازی بیان) وەك ئیعجازی زانستی ئەمەش لەپێناو زیاتر پتەوبوونی بڕوای شوێنکەوتووانی ودڵنیابوون لەوەی کە ئەو قورئانە لە لایەن دانایەکی ئاگادارەوە نێردراوە هەروەها بۆ قەناعەت پێکردنی بێ باوەڕانی خاوەن ویژدان کە دووبارە بیربکەنەوە .

یەکێك لە ئیعجازەکانی قورئان ئیعجازی یاسادانانە واتە ئیعجازی تەشریعی کە توێژینەوەی زۆری لەسەر کراوە، گرنگترین ڕووی ئەم ئیعجازە دانانی سیستەمێکی بێ وێنەیەی لە دابەشکردنی میراتە لە سێ ئایەتدا کە لە(١٥) دێڕ تێپەرناکات لە یەکێك لە سورەتەکانی قورئاندا بەهەمان شێوەی بەرزی و بێوێنەیی کە لەئایەتەکانی تردا هەیە هەر چەندە میرات پەیوەندی پتەوی بە ژمارەوە هەیە، لەم توێژینەوەیەدا ڕادەی ڕاستی ئەو گریمانەیەمان بۆ دەردەکەوێت کە دەڵێت سیستەمی میرات لەقورئانی پیرۆز دا بێوێنەیە، باشترە لە سیستەمەکانی پێش خۆی و کاریگەریان نەبووە لەسەری، بۆ ئەم بابەتەش ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز شیکراونەتەوە.

## توێژینەوەکە سێ بەشە :

**بەشی یەکەم:** میرات لە گرنگترین سیستەمە نائیسلامیەکان دا.

**بەشی دووەم :** تایبەتمەندیەکانی تەشریعی میرات لە قورئاندا و ڕووەکانی ئیعجازو کاریگەرە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان .

**بەشی سێەم :** سیفەتەکانی یاسادانانی قورئانی لە میراتدا و ڕوەکانی ئیعجاز تیایدا و کاریگەریە ئابوری کۆمەڵایەتی‌یەکان .

ئەگەر سەرکەوتووبین لە دەرخستنی ئەم لایەنەی بەرەنگاری لە قورئاندا کە ئەمە وتەی خوای باڵا دەستە، ئەمە بەیارمەتی خوای گەورەیە . ئەگەر وانەبوو ئەوە هەوڵێکە دراوە و خوای گەورەش ئاگاداری مەبەستەکانە :



**حەوتەم:** کاریگەری نەبوونی سیستەمی میراتی ئیسلامی بەباشترین و بەرزترین یاسا کۆنەکان کە یاسای ڕۆمانییەوە بونی کاریگەری ئیسلامی بەسەر یاسای فەرەنسییەوە دوپاتی دەکاتەوە کە ئەم سیستەمە لەلایەن خوای گەورە نێرراوە .

**تێبینی:**

خوێنەری بەڕێز ئەم نامیلکەیەی بەردەستت وەرگێڕدراوی توێژینەوەی ( الاعجاز التشریعی لنظام المیراث فی القرآن الکریم و أثره الإقتصادی والإجتماعی )یە لە ئامادەکردنی دکتۆر (ئەحمەد یوسف سلیمان) لە کولێجی دار العلوم–زانکۆی قاهیرە.

## ئەنجامەکانی توێژینەوە

**یەکەم:** سیستەمی میراتی لەئیسلامدا بەکاملّی لەدایك بووە پێویستی بەهیچ زیادکردن یان هەموارکردن یان پێشکەوتنێك نەکردووە، بەپێچەوانەوە زۆرێك لەسیستەمەکانی تر کاتێکی زۆری ویستووە هەتا رووەکانی دەربکەوت بۆ پراکتیزەکرنی .

**دووەم:** سیستەمی میراتی لەقورئاندا لەسێ ئایەتدا هاتووە بەهەمان شێوازی قورئان کە هۆش و ویژدان دەدوێنێت .

**سێیەم:** دارِشتنی ئەم سیستەمە لەقورئاندا رِەچاوی بەرژەوەندی مرۆڤی کردووە وەك تاك و خێزان وکۆمەڵ .

**چوارەم:** سیستەمی میراتی لەئیسلامدا سودی لەوانی پێش خۆی وەرنەگرتووە وکاریشیان تێنەکردووە هیچیشی لێوەرنەگرتوون، بەهۆی نەبوونی زانیاری پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) بەو سیستەمانە کە ئەوە دەگەیەنێت ئەمە یاسایەکی خوایە و ئەو زاتە ناردوویەتی کە مرۆڤی دروستکردووە دەزانێت چ شتێك بۆ مرۆڤ شیاوە .

**پێنجەم:** ئەو یاسایانەی لەدوای ئیسلام هاتووە لەدەوڵەتە پێشکەوتوەکانیشەوە نەگەیشتووە بەوەی ئیسلام پێیگەیشت لەرِەچاوکردنی بەرژەوەندی مرۆڤ هەرچەندە بەردەوام لەگۆرِان وهەموارکردندان.

**شەشەم:** لێکچوونی زۆر هەیە لەنێوان سیستەمی میراتی ئیسلامی و یاسای فەرەنسی وەکاریگەری فقهیئیسلام بەتایبەتی فقهی مالکی بەسەر یاسای فەرِەنسییەوە بەئاشکرا دیارەو لەناوەندە زانستییەکاندا باسدەکرێت .



## بەشی یەکەم

## میراتی لە گرنگترین سیستەمە نائیسلامییەکاندا

**یەکەم : میراتی لەلای میسریە کۆنەکان :**

لای میسریە کۆنەکان هەموو زەوی وماڵەکان موڵکی فیرعەونەکان بوو، خەڵك تەنها مافی سوود وەرگرتنی هەبوو نەك موڵکداریتی، پاشان لەسەردەمی فیرعەون(أبوخور) مافی خاوەنداریتی درا بە تاکەکان لە دواییدا مافی میراتی ئەو زەوییانەی پێدان لێرەوە فیرعەونەکان سیستەمی میراتییان ناسی .

میراتی بەشێوەیەکی گشتی لای میسرییەکان بەم شێوەیە بووە:

١- یەکسانی لەنێوان نێرو مێدا.

٢- پێشخستنی کورو کچی مردوو ئەگەر مردووەکە منداڵی نەبوایە ئەم مافە دەدرا بە خوشك و برا.

٣-ژن لەمێردو مێرد لەژن میراتییان دەبرد .

٤- ئەگەر کەسێك لەژیانیدا دایکی یان باوکی بمردایە بەشە میراتییەکەی دەدرا بەمنداڵەکانی.

٥- منداڵی ناشەرعی مافی میراتی نەبوو .

٦- کورِی گەورە مافی بەرِێوەبردنی هەموو میراتیەکەی هەبوو پاشان ئەم ئیمتیازە هەڵوەشێنرایەوە و هیچ جیاوازی نەئەکرا لە نێوان کورِو کچ و گەورەو بچوکدا.

٧-خاوەن سامان ئەیتوانی هەموو یان هەندێك لە سامانەکەی بەوەسیەت بدات بە هەرکەسێك کە بیەوێت ئەم کەسە میراتگربوایە یان نا تەنها مەرجی ئەوە دانرا بوو کە ئەو کەسەی وەسیەت دەکات لەرِووی لەش و عەقڵەوە تەندروست بێت.

**دووەم : لەلای خەڵکی عێراق ( وڵاتی نێوان دوو ڕووبار ) :**

شارستانی ئەم وڵاتە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگترین شاکانی بابل (حامورابی ) (ساڵی (١٧٢٨-١٨٨٦ پ.ز) کە لەڕووی ڕامیاری و ئاینییەوە وڵاتی یەکخست یەك یاسای دانا بۆ پەیرەوکردن کە بەزمانی ئەکەدی بوو بە(نووسراوی حامورابی) ناونرا .

دانیشتووانی ئەم وڵاتە میراتیان ناسی و گرنگترین خاسیەتەکانی بریتی بوو لە:

١- میراتی تەنها بۆنێرینەکان بوو، مێینە لێی بێبەش بوون لەبەرئەوەی ئەو هەڵدەستا بەئەنجامدانی پەرستشە ئاینیەکان .

٢- ئەگەر مردوو کوڕی نەبوایە برا دەبووە میراتگری، لەبەرئەوەی ئەو هەڵدەستا بەجێبەجێکردنی ڕێوڕەسمە ئاینیەکان لەسەر مردوو، لێرەدا دەردەکەوێت کە بنەمای ئاینی هۆی میراتگری بووە .

٣- کچ بێبەش دەکرا لە میراتی مەگەر لە کاتێکدا مردوو کورو کچ و برای نەبوایە .

٤- ژن هیچ مافێکی لە میراتی مێردەکەیدا نەبوو.

٥- کوڕی کەنیزەك میراتی بەرنەدەکەوت مەگەر باوکی بیگرتایەتەخۆ (تبنی) بکردایە .

٦- لەکاتی تەلاقدا منداڵی ژنی یەکەم تەنها مافیان لەو سامانەدا هەبوو کە باوکیان لەکاتی تەڵاقداندا هەیبووە، هیچ مافێکیان لە سامانەکانی دوای ئەو کاتەدا نەبووە، بەڵکو ئەمەیان مافی منداڵە تازەکان بوو ئەگەر باوك ژنی تری بهێنایە، ئەمانەش هەمووی لەدوای مردنی باوك .

٧- ئەگەر کەسێك لەژیانی دایك یان باوکیدا بمردایە بەشە میراتییەکەی دەدرایە منداڵەکانی .



کۆمەڵگا دەتوانێت لەڕێگای ئەم وەسیەتانە پڕبکرێتەوە کەئەمەش یەکسانی کۆمەڵایەتی دەهێنێتەدی هاوشانی ڕێگاکانی تر وەك زەکات و وەقف، وەسیەتکردنیش دەشێت بۆ دامودەزگابێت تەنانەت دەشێت بۆ تاك بێت و دەشێت بۆ ناموسڵمان بێت .

(د.رفعت العوضي) دەڵێت : ئیسلام بۆ ڕێکخستنی دابەشکردنی سامان تەنها پەنای بۆ میرات نەبردووە بەڵکو بەوەسیەت ئەم کارەی تەواو کردووە، وەسیەت بەوشێوەی ئیسلام ڕێگای پێداوە ئامانجی داپۆشینی خەرجییەکانی کۆمەڵگایە. ئایا بۆ تاکەکان بێت یان دەزگایەکی کۆمەڵایەتی یان زانستی کە بەویستی خاوەنەکەی سێیەکی ئەو سامانە دەخاتە خزمەتی بەرژەوەندی کۆمەڵەوە لەبەرئەوەی خزمەتی کەسانێك یان لایەنی تر دەکات بێجگە لەمیراتگرەکان .

لێکنزیکردنەوەی چینەکان ئەمەش بەڕوونی لە بلاْوکردنەوەی ساماندا دیارە بەشێوەك کە سامان لەکۆمەڵێکی دیاریکراودا دەستاو دەست ناکات ئەوکەسەی ئەمڕۆ دەوڵەمەندە دوای ساڵێك سامانەکەی دەگوازرێتەوە بۆمنداڵەکانی ونەوەکانی وکەس وکاری یان کەسێك کە هەژار بێت لەوانەیە لە منداڵەکانیدا یەکێکیان بەهۆی میراتی کەسێکی یان هێنانی ژنێکی دەوڵەمەند کە میراتی بۆ دەمێنێتەوە بچێتەوە چینی ناوەند.

بەهێزکردنی پەیوەندی خێزان، نەوەکان پەیوەستدەبن بەیەکەوە بۆنموونە کوڕ باوك وژن و میراتی دەبەن یان کچ وکچی کوڕ و خوشك و باوك میراتی دەبەن، وەئەوانەش کە بەشیان نییە قورئان داوا دەکات وەسیەتیان بۆ بکرێت بە بەشێك لە میراتی کە لەخوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ إِنْ تَرَكَ خَيْرًا الْوَصِيَّةُ لِلْوَالِدَيْنِ وَالأَقْرَبِينَ بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ ﴾ (سُورَةُ البَقَرَةِ : ١٨٠ ) .

تەنانەت ئەوانەش کە میراتی نایانگرێتەوەو وەسیەتیان بۆ نەکراوە، قورئان داوای کردوە کە بەشیان پێدرێت وەك دڵنەوایی کردنیان خوای گەورە دەفەرموێت:﴿وَإِذَا حَضَرَ الْقِسْمَةَ أُولُو الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينُ فَارْزُقُوهُمْ مِنْهُ وَقُولُوا لَهُمْ قَوْلاً مَعْرُوفًا ﴾( سُورَةُ النِّسَاءِ : ٨ ) وەسیەتکردنیش ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی گرنگ دەبینێت لەبواری بەدیهێنان یەکسانی کۆمەڵایەتی خوای گەورەش وەسیەتی دیاریکردووە کە لەسێیەك تێپەڕنەکات بۆئەوەی ستەم لەبەشی میراتگرەکان نەکات و مەرجە کە مەبەست زیان گەیاندن نەبێت بەمیراتگرەکان وەپێویستە بۆ کارێکی چاکەبێت، یان یارمەتی کەسانێك بدات جگە لەمیراتگرەکان بۆ بەردەوامبوون لەژیانێکی سەربەرزانە ئەمە لەرێگەی وەسیەتکردنەوە دێتەدی، چەندین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی هەیە کاری گەورە دەکات بۆ فێرکردنی منداڵان و بەخێوکردنی هەتیوان یان نۆژنکردنەوەی ماڵی خودا وەسیەتکردن بەردەوامی دەدات بەکارەکانیان، واتا بەشێکی گرنگ لەپێویستییەکانی



## سێیەم : میراتی لای یۆنانییەکان :

یۆنانییە کۆنەکان بۆچوونی نەمری خێزان و بەپیرۆز ڕاگرتنی پێشینانیان (اسلاف) هەبوو هەروەها بەردەوام لەشەڕو پەلاماردا دەژیان لەبەرئەوە میراتی تەنها بۆ نێرینە بوو مێینەی لێی بێبەش کرابوو، هەروەها هەموو ئەو کورانەی لەرێگەی مێینەوە دەگەیشتنەوە بە خێزانی وەك کوڕی کچ و برای دایك بێبەش بوون لەمیرات .

میراتی لای یۆنانییەکان لەسەر بنەمای وەسیەتکردن بوو پێش مردن دەبووایە ئەو کەسەی وەسیەت دەکات بڕیارێکی قەزای پێوەربگرێت، ئەم بڕیارەش دەتوانرا تانەی لێبدرێت لەهەر کاتێکدا لەلایەن هەرکەسێکەوە بوایە، لە دوای مردنی وەسیەتکار کەسی وەسیەت بۆکراو دەبوو بە سەرۆکی خێزان و چۆن بیویستایە ڕەفتاری دەکرد لەسامان و منداڵدا بەئەندازەیەك دەیتوانی ڕێگری لەشووکردنی کچەکان بگرێت یان ڕێیان بدات .

پاشماوەیەك ئەم سیستەمە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی وای لێهات مافێکی دیاریکراو بەوەرگرتنی میراتی درا بەکەسی نزیك لەرێگای مێینەوە لەکاتی نەبوونی پشدا بۆ نموونە خوشك بەشی دەبرد لەکاتی نەبوونی برادا وەکچ بەشی کوڕی دەبرد لەکاتی نەبوونی کوڕدا، پاشان گۆڕانکاری تر بەسەر ئەم سیستەمەدا هات، سەرۆکی خێزان لەکاتی شووکردنی کچەکەیدا دەبوایە بڕێك پارەی پێبدات بەمەش قەرەبووی بێبەشبوونی کچ لەمیرات دەکرا، هەروەها ئەگەر سەرۆکی خێزان بمردایە تەنها یەك کچی هەبوایە دەبوایە ئەگەر شووی کرد و منداڵێکی کوڕی بوو بەناوی باوکییەوە کوڕەکەی تۆماربکردایە بۆ ئەوەی میراتیەکەی پێبدرێت لەم کاتەشدا ئەو کچە تەنها دەبووە هۆیەك بۆ گواستنەوەی میراتی بەبێ ئەوەی خۆی هیچ بەشێکی بەر بکەوێت .

**چوارەم : سیستەمی میراتی لای ڕۆمانەکان :**

ڕۆمانەکان سیستەمێکی میراتییان هەبوو کە لەگەڵ ئارەزوو ڕەوشتی ژیانیاندا بگونجێت، ئەوان لەسەرەتادا لەبیابان دەژیان و مەیلی شەڕو سەربازیان هەبوو.

سیستەمی میراتی بەسێ قۆناغدا تێپەڕی :

١- سەرۆکی خێزان کەسێکی هەڵدەبژارد بۆئەوەی ببێتە جێگری و بەئەرکی نەتەوەیی و سەرۆکایەتی خێزان هەستێت، مەرج نەبوو ئەم کەسە خزم یان نزیکی خاوەن سامان بێت بەڵکو مەرج ئەوە بوو خێڵ ڕازی بن لەسەر ئەم دیاریکردنە ئەگەرنا خێڵ خۆی کەسێکی دیاریدەکرد .

٢- ئەم کارە پێشکەوتنی بەخۆیەوە دی سەرۆکی خێزان هەموو موڵك و سامانی دەفرۆشت بەم کەسە لەو بەروارەشەوە ئەو کەسە دەبووە لێپرسراوی ئەم خێزانە و بەرپرسیاری ماڵ ومنداڵی، لە پاشان دەرکەوت جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە جۆرە سوکایەتیکردن وشەرمەزارییەکی بۆ سەرۆکی ڕاستەقینەی خێزان تێدابوو لەبەرئەوە گۆڕانکاری تێداکرا ئەم مافەی کڕیار لەدوای مردنی سەرۆکی خێزانەوە کاری پێکرا .

٣- پاشان (اوغسگا نیوس) هات و ئەم سیستەمەی هەڵوەشاندەوە و میراتی لەسەر دوو بنەما دارِشت، خزمایەتیو ملکەچی ڕزگارکردن (ولاء عتاقة) خزمایەتی ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ نەوەکان (فروع)، باوان (أصول) لەگەڵ خزمەکانی تر (الحواشی ).

مەبەست لەنەوەکانی مردوو کوڕ و کچی مردوو منداڵەکانییانە ئەمانە لە پێش هەموو میراتگرەکانەوە بوون، جیاوازی نەبوو لەنێوان نێرو مێدا و گەورەو بچوکدا بەڵام ئەم یەکسانییە لە ڕووالەتدا بوو لەبەرئەوەی ئەو میراتیەی کە دەدرا بەکچ لەدوای مردنی نەدەبووە مافی منداڵەکانی یان هاوسەرەکەی بەڵکو دەگەڕایەوە بۆ براو خوشکەکانی یان هەر کەسێکی تر لەخێزانی باوکی کە ئەو مافەی هەبووایە .



کردووە کە لەرێگای حەلاڵ وشەرعییەوە سامان کۆبکرێتەوە وخەڵك ئاگادار دەکاتەوە لە ستەمکردن، وەفێڵ و بەرتیل و خراپ بەکارهێنانی دەسەلات و دەستبەسەرداگرتن و دزی حەرامکردووە.

**دووەم : ڕەخنەی سەرمایەداری: سیستەمی سەرمایەداری دوو ڕەخنە ئاڕاستەی میراتی دەکات :**

١- میراتی دەبێتە هۆی هەڵاوسانی سامان و هێشتنەوەی لەدەستی چینێك لەخەڵکدا.

٢- میراتی دەبێتە هۆی بلاوکردنەوەی سامان ئەمەش کاردەکاتە سەر وەبەرهێنانی ئەو سامانە بەشێوەیەکی باش.

ڕەخنەی یەکەم : پێویستە بەرەو ڕووی میراتی نەکرێتەوە لەبەرئەوەی میراتی سامان بلاودەکاتەوە بۆ ناو خێزانەکانی تر دووبارە دابەشدەکرێتەوە .

سەبارەت بەرەخنەی دووەم : ڕاستە ئەگەر بۆ خاوەنداریتی زەوی بێت وەك( د. رفعت العوضی) دەلێت : ئەم ڕەخنەیە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ زەویە، پاشان دەلێت : بەکارهێنان و وە بەرهێنانی زەوی دەبێت بەپێی بەرژەوەندی کۆمەڵی ئیسلامی بێت زیاتر لەپارەو هۆکارەکانی تری وەبەرهێنان، ئەگەر بەرژەوەندی موسڵمانان لەوەدا بوو کە خاوەنداریتی زەوی بەشێوازێکی وابێت ڕێگا خۆشبکات بۆ وەبەرهێنانی زیاتر ئەوا شەریعەتی ئیسلامی ڕێگری لەمە ناکات بەمەرجێك ئەمە بنچینەکانی تری ئیسلام وەك میراتی و خاوەنداریتی نەبەزێنێت .

**چوارەم: کاریگەرە کۆمەڵایەتییەکانی سیستەمی میراتی و وەسیەت لەئیسلامدا :**

میراتی لەئیسلامدا کاریگەری کۆمەڵایەتی قوڵی هەیە کە لەمانەدا کۆدەکرێتەوە:

٣- گواستنەوەی چەند بەشێکی میراتی لەخێزانێکەوە بۆ خێزانێکی دی لە ڕێگای ژنەوە، لەوانەیە دەوڵەمەندێك ژنێکی هەژار بهێنێت یان بەپێچەوانەوە واتە هەژارێك ژنێکی دەوڵەمەند بهێنێت کە دەبێتە هۆی گواستنەوەی سامان لەنێوانیاندا .

لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێك سیستەم لەوانە سەرمایەداری و سۆسیالیستی ڕەخنەیان لەسیستەمی میراتی ئیسلام گرتووە .

## ڕەخنەی سۆسیالیستەکان لەمیراتی :

١- پێدانی سامان بەکەسانێك شیاوی نین لەبەرئەوەی هیچ هیلاك نەبوون و کاریان بۆ نەکردووە .

٢- لەوانەیە میراتی ببێتە هۆی زاڵبوونی ئارەزووی قۆرخکردن لەلای تاکەکان بەمەبەستی کۆکردنەوەی سامان هەتا کەس وکاریان بەمیراتی بۆیان بەجێبمێنێت لەوەڵامی ئەم ڕەخنانە دەڵێین کەسی مردوو هیلاك بووە ئەم سامانەی کۆکردوەتەوە ئەگەر بزانێت کە ئەو سامانە لەدوای مردنی کۆمەڵگا دەستی بەسەرادا دەگرێت نەوەکانی و باو باپیرانی و خێزانی لەگەڵ بێگانەدا هاوتا دەبن ئەوا هیچ هەوڵێك نادات بەڵکو ئەوەندەکار دەکات کە پێویستی پێیەتی، بەڵام ئەگەر زانی ئەوەی کە بەجێیدەهێڵێت دەدرێت بەنزیکترین کەسەکانی ئاسودە دەبێت، سیستەمی میراتی ئیسلامی لەسەر بنەمای ئابوری نییە بەڵکو لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی دارێژراوە، ئەوکۆمەڵگایەش کە پەیوەندی مرۆڤ بەمنداڵ یان دایك و باوکیەوە هاوتا دەکەن بە پەیوەندی بەکەسانی ترەوە، سەیر دەکات کۆمەڵگایەکی سروشتی نییە. بەڵام قۆرخکردن ئەوە پەیوەندی نییە لەنێوان کۆکردنەوەی سامان وقۆرخکردنەوە لەبەر ئەوەی هەژار هەیە قۆرخکارە و دەوڵەمەندیش هەیە کەسامانەکەی دوور لەقۆرخکردن کۆکردوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئیسلام کە ڕێگای بە خاوەنداریتی داوە پێویستی



مەبەست لە باوانی مردوو باوك ودایك و باپیران پلەی ئەمانیش دوای نەوەکان بوو، لەکاتێکدا مردوو نەوەی نەبووایە ئەمانە میراتیان دەبرد بەهاوبەشی لەگەڵ خوشك و برای مردوو بەبێ جیاوازی نێوان نێرو مێ.

مەبەست لە (الحواشي )خزمەکانی ترە بێجگە لەنەوەو باوان پلەی ئەمانیش لەدوای باوانەوە بوو بێجگە لەخوشك و برا، کە لەگەڵ باوان میراتییان دەبرد، لێرەدا تێبینی دەکرێت کە ڕۆمانەکان بنەمایەکیان ناسی کە نزیك ڕێگرە لە دوور لەمیراتیدا واتا هەتا کەسێکی نزیکتر هەبێت دوورتر میراتی وەرناگرێت .

ملکەچی رزگارکردنی بەندایەتی (ولاءالعتاقة ) بریتیە: لەو پەیوەندییەی کە لەنێوان بەندەی ڕزگارکراو لەگەڵ گەورەکەیدا دروست دەبوو کە رزگاری دەکرد لەکاتێکدا ئەو بەندە رزگارکراوە بمردایەو میراتگری نەبوایەو وەسێتی بۆکەسێکیتر نەکردایە گەورەکەی دەبووە میراتگری.

تێبینی ئەم خاڵانەی خوارەوە لەسیستەمی میراتی ڕۆمانەکاندا دەکرێت :

١- ڕێگری میراتی (الحجب)نەوەکان ناگرێتەوە .

٢- بەبوونی نەوە باوان میراتی وەرناگرن.

٣-کەسی نزیکتر لەباوان ڕێگربوو لەمیراتی کەسی دوورتر .

٤- لەکاتی نەبوونی نەوەو باواندا خزمەکانی تر میراتیان دەبرد، ئەگەر یەك کەس بووایە هەموو سامانەکە بۆخۆی بوو ئەگەر زیاتر بووایە لەپلەی نزیکیان بەمردووەکە یەکسان بوونایە بەیەکسانی میراتیەکەیان دەبرد بەڵام ئەگەر لەپلەدا جیاوازبونایە کەسی نزیکتر ڕێگربوو لەمیراتی دوورتر .

٥- منداڵی نەوە جێگای باوکی دەگرتەوە واتا کەسێك لەژیانی باوکی یان دایکیدا بمردایە منداڵەکانی بەشی ئەویان دەبرد لەمیراتیدا.

**٦- هاوسەریی هۆیەکی میراتی نەبوو لەبەرئەوە ژن لە مێرد، مێرد لەژن میراتییان نەدەبرد .**

**سیستەمی میراتی لای ڕۆمانییەکان ڕەچاوی دووخاڵی کردووە کە فەلسەفەی میراتی لەسەر دانراوە :**

**١- هێشتنەوەی سامان لەناو خێزاندا وپەرش وبڵاونەکردنەوەی هەر لەبەرئەوەش میراتی بۆ منداڵی کچ وخوشك نەبوو تەنها بۆ منداڵی پشت بوو (منداڵی کوڕ ).**

**٢- پاراستنی پایەی خێزان ودەسەڵاتی سەرۆکی خێزان، لەبەرئەوە ئەو منداڵە کوڕانەی کەدەسەڵاتی باوکیان بەسەرەوە نەمابوو بە هۆی گرتنەخۆ (تَبَنِي) لەمیراتی بێبەش کرابوون.**



**دەگوازرێتەوە بۆ چەند جۆرێك میراتگر زیاتر لەوەی کە یاسای هندۆکی دیاری کردووە .**

**سێیەم : کاریگەرییە ئابوریەکانی میراتی :**

**ئامانجی ئیسلام لەدانانی یاسای میراتی بەدیهاتنی دوو مەبەستە :**

**یەکەم : پەرش و بڵاوکردنەوەی سامان .**

**دووەم : دادپەروەری لەدابەشکردنی ئەو سامانە .**

**سەبارەت بە پەرش و بڵاوکردنەوەی سامان کاتێك خوای گەورە خاوەنداریێتی بەشیاو داناوو دەرگای وەبەرهێنانی سامانی کردەوە بەپێی شەرع ئەمە دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی سامان لەدەستی کەسانێکی کەم ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی دەست بەسەرداگرتنی کۆمەڵگا وڕانەگرتنی تەرازوی دادپەروەری لەلایەن ئەو کەسانەوە هەر لەبەرئەوەشە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ مَا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَى فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ كَيْ لاَ يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الأَغْنِيَاءِ مِنْكُمْ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا وَاتَّقُوا اللهَ إِنَّ اللهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴾** ( سُورَةُ الْحَشْرِ : ٧ ) **و ئیسلام کاری کردووە بۆ بڵاوکردنەوەی سامان بەچەند ڕێگایەك لەوانەش میراتی ئەمەش لەچەند شتێکدا دەردەکەوێت :**

**١- دابەشکردنی میراتی بەشێوەی سێیەك و هەشتیەك و چواریەك زۆر بەدەگمەن کەسێك بەتەنها هەموو میراتییەکە دەبات .**

**٢- پێداگری لەسەر ئەوەی هەر میراتگرێك مافی خۆی پێدەدرێت وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ لِلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ نَصِيبًا مَفْرُوضًا ﴾** ( سُورَةُ النِّسَاءِ : ٧ ).

٣- گرنگی بەئافرەت داوە بەشێوەیەکی ئاشکرا و میراتی پێداوەو میراتی بەوانەش داوە کە لەڕێگەی ئەوەوە دەگەن بەمردوو وەك منداڵی دایك و دایکی دایك ..

٤- ئەوانەی بەشی دیاریکراویان هەیە دوانزە کەسن هەشتیان ئافرەتن و چواریان پیاون .

٥- هاوپشتی بەسێ جۆر داناوە هاوپشتی بەخودی خۆی (عصبة بالنفس )تەنها پیاون، هاوبەشی لەگەڵ کەسێکی تر (العصبة مع الغیر ) تەنها مێینەن، هاوبەشی بەهۆی کەسێکی تر (العصبة بالغیر )پیاوو ژنن )

٦-بەشەکانی زۆر بەئاسانی داناوە وەك نیوە، چواریەك، هەشتیەك، سێیەك، دوو لەسەر سێ، شەشیەك، بەشێوەیەك ئاسانکاری تێدایە تەنانەت نەخوێندەواریش تێیدەگات .

٧-گونجاوی ئەم سیستەمە بۆ هەموو کات و شوێنێك بەهۆی ئەو یەکسانییەی لەنێوان ماف وئەرکدا هێنایەدی، ئەم سیستەمە پەیوەستە بەسیستەمی خەرجییەوە.

٨- ئەم سیستەمە جیهانی ئیسلامی ماوەی چواردە سەدە پراکتیزەی کردووە وە هیچ کێشەیەکیان تووش نەهاتووە لەکاتێکدا سیستەمەکانی تر بەردەوام پێویستییان بەگۆڕانکاری و هەموارکردن هەبوە .

هەندێك لەنووسەرە ناموسڵمانەکان بەویژدانەوە شایەتیان بۆ ئەم سیستەمە داوە کە بێ وێنەیە لەوانە ( فۆن کریمەر)دەڵێت : یاسای میراتگری ئیسلامی جۆرێکی نایاب و ڕەسەنە لەیاسای ئیسلامی، هەروەها هەریەکە لە(جانار ) و(بری )باس لەسیستەمی میراتی ئیسلام دەکەن لەکتێبەکەیان (ئابوری هندی ) دا دەڵێن : (سەرەڕای ئەوەی ناڵێین هاوبەشی لەنێوان موسڵماناندا هەیە، بەڵام ئیسلام دەسەلاتی تەواو دەداتە خاوەن سامان و بەسەر موڵکەکانیدا هەتا لەژیاندا بێت، لەدوای مردنیشی ئەوسامانە



**پێنجەم : میراتی لای جولەکە :**

لەکۆن و لەئێستادا خۆشەویستی جولەکە بۆ سەروەت و سامان وکاریگەری دیاریشی لەسەر ژیانی کۆمەلایەتی و ئابورییان بەئاشکرا دیارە، لەبەرئەوە سیستەمی میراتی هاوتا لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا بوو، ڕەچاوی ئەم خالانەیان دەکرد:

١- لەکاتی مردنی باوکدا هەموو میراتییەکە بۆ کوڕ دەبوو بەبێ هاوبەش ئەگەر لەیەك کوڕ زیاتر بوایە کوڕی گەورە دووئەوەندەی برا بچووکەکەی دەبرد بەلام ئەگەر خۆی ڕێك بکەوتایە لەگەڵ براکانیدا بۆ دابەشکردنی میراتییەکە ئەمە شیاوو ڕێگەپێدراوبوو.

٢- ئەگەر مردوو کوڕی نەبوایە کوڕی کوڕ میراتییەکەی دەبرد، کچان بێبەش بوون تەنها مافی بەخێوکردن وچاودێری کردنیان هەبوو وەمارەیی لەسەر براکانی بوو بەو ئەندازەیەی کە ئەگەر باوکی لەژیاندا بوایە پێشکەشی دەکرد، ئەگەرمردوو کوڕی کوڕیشی نەبوایە لەم کاتەدا کچ میراتی دەبرد ئەگەر کچی نەبوایە منداڵی کچەکان دەبوونە میراتگر.

٢- ئەگەر مردوو نەوەی کوڕو کچی نەبوایە باوك میراتی دەبرد، ئەگەر باوکی نەبوایە باپیر، ئەگەر نەبوایە برا، ئەگەر برای نەبوایە خوشك.

٣- ئەگەر مردوو نەوەوباوانی نەبوایە میراتی دەدرا بەکەسە نزیکەکانی بەپێی نزیکیان لەمردووەوە هەتا پلەی پێنجەم واتا لەپێشترینیان بەمیراتیدا نزیکترینییان بوو لەمردووەوە لەدوای ئەو پلەیە بەیەکسانی میراتییان دەبرد بەبێ جیاوازی .

٤-ئەگەر مردوو کەسی نەبوایە میراتیی مافی ئەو کەسەبووکەپێش هەمووان دەستی بەسەردا دەگرت بۆ ماوەی سێ ساڵ لای دەمایەوە پاشان دەبووە موڵکی خۆی .

٥- ژن نەدەبووە میراتگری مێردەکەی بۆئەوەی ئەو سامانە لەناو خێزان نەچێتە دەرەوە، بەڵام مافی ژیانی هەبوو لەسەر سامانی مێردەکەی هەتا بێوەژن بوایە، بەڵام مێرد میراتی ژنەکەی دەبرد بەبێ هاوبەشی هیچ کەسێکی تر تەنانەت منداڵەکانیشی، هەروەها دایك میراتی نەدەبرد لە منداڵەکانی.

٦- مرۆڤ لەدینی جولەکەدا سەربەستە لەسامانەکەیدا دەتوانێت بەویستی خۆی ڕەفتاری تێدا بکات، دەتوانێت وەسیەت بکات بۆ هەر کەسێك کەبیەوێت ئەگەر بێگانەش بێت و دەتوانێت کەسانێك بێ بەش بکات لەمیراتەکەی .

لەسیستەمی میراتی جولەکەدا تێبینی ئەم خالآنە دەکرێت :

١- گرنگیدان بەمانەوەی سامان لەخێزاندا .

٢- گرنگیدان بەپیاوان و پشت گوێ خستنی ژنان .

٣- گرنگیدان بەکوڕی گەورە بەبێ هۆیەکی دیار بەسەر براکانیدا تەنانەت ئەگەر ئەو لەپەیوەندییەکی ناشەرعی بوایە وئەوان منداڵی پەیوەندی هاوسەریش بونایە .

**شەشەم : میراتی لەئاینی مەسیحیدا :**

مەسیحییەکان سیستەمێکی تایبەتیان بەمیراتی نەبوو لەبەرئەوەی ئینجیلەکانیان گرنگی بەکاروبارە مەدەنیەکان نەدەدا تەنها گرنگی بەلایەنی خووڕەوشت دەدا، لەبەرئەوە ئەوان لەهەر وڵاتێك بن سیستەمی ئەو وڵاتە پەیڕەو دەکەن .



٣-میراتی لای عەرەب لەسەردەمی نەفامیدا تەنها لەسەر بنەمای توانای هەڵگرتنی چەك وشەڕکردن دەدرا بەهاوپشتە پیاوەکان (کوڕ پاشان برا ) وەژن ومێرد میراتییان لەیەکتر نەدەبردو ژن هیچ کاتێك میراتی نەبوو، هەروەها هۆیەکی تری میراتی لەلایان سوێند خواردن بوو .

**دووەم : بەراوردکردنی بەسیستەمی ڕۆژئاواییە نوێکان :**

١- سیستەمی فەرەنسی نزیکترین سیستەمی ڕۆژئاواییە بەئیسلام لەم ڕووەوە بەتایبەتی لەڕووی هۆیەکانی میراتی، بەڵام لەئیسلامدا ژن ومێرد میراتگری یەکترن سەرەڕای بوونی کوڕو کچ بونی منالّدا لەکاتی بونیاندا بەشی ژن ومێرد کەمترە لەکاتی نەبونیان بەڵام سیستەمی فەرەنسی میراتی نادات بەژن و مێرد بەڵام دەتوانێ بەشێکی ئەو میراتیە وەبەربهێنێت بۆ پاراستنی ئاستی کۆمەڵایەتی خۆی .

٢- لەسیستەمی ئینگلیزیدا ژن ومێرد میراتی نابەن لەیەکتر، هەروەها نەوەو باوان پێکەوە میراتی نابەن، کوڕی گەورە پێش هەموان دەخرێت بۆ وەرگرتنی میراتی .

٣- سیستەمی ئەڵمانی نزیکە لە سیستەمی فەرەنسی و ئیسلامی بەڵام نێرومێ یەکسانن لەلایان .

لەمانەی کە لەپێشەوە باسکران دەرکەوێت کە سیستەمی ئیسلامی لەوانەیە لەگەڵ هەندێك سیستەمی کۆن یان نوێدا یەك بگرێتەوە لەهەندێك خاڵدا بەڵام هاوشێوەی هیچ سیستەمێکی پێش خۆی و دوای خۆی نییە بەتایبەتی لەم خالآنەدا :

١-کۆکردنەوەی میراتی لەگەڵ وەسیەتدا بەڵام وەسیەت بۆ میراتگر نابێت وە پێویستە لەسنوری سێیەك تێپەڕنەکات .

٢- میراتگری باوان لەگەڵ نەوەکان باوك و باپیر لەگەڵ کوڕ و کچ .

خاڵە هاوبەشییەکان دەگەڕێتەوە بۆگرنگیدانی هەردوو سیستەمەکە بەخێزان، بەڵام یەکسانی نێرومێ لەکاتێکدا خاڵێکی باش وئیجابییە ئەگەر هەردوولا لە ئەرکدا یەکسانبن، هەروەها سیستەمی ئیسلامی گرنگی لەوەدایە کە وەسیەتی بۆ میراتگر دانەناوە و خاوەن سامانیش تەنها لەسنوری سێیەکدا بۆی هەیە ڕەفتاربکات .

٢- لەلای ئاشوریەکانی عیراق میراتی تەنها بۆ نێر بوو مێ بێبەش بوو، لەکاتی نەبوونی کوڕدا براکان دەبوونە میراتگر لەکاتێکدا ئیسلام بەشی هەمووان دەدات لەگەڵ ڕەچاوی بنەمای ڕێگری کە نزیکتر ڕێگرە لەمیراتی دوورتر .

٣- لای یۆنانییەکان مێینە بێبەش بوو لەمیراتی و هەموو ئەوانەش لە ڕێگەی ئەوەوە بە مردووەدەگەیشتنەوە بێ بەش بوون، میراتی لەسەر بناغەی وەسیەتی خاوەن سامان دابەشدەکرا، بەڵام لە ئیسلامدا بەشی نێرو مێ دەدرێت و خاوەن سامان لەسنوری سێیەکدا وەسیەت دەکات .

١- لای ڕۆمان لێکچونێکی زۆر هەیە لەگەڵ ئیسلامدا، لە بەرئەوەی بنەمای میراتی خزمایەتی و پەیمانی ملکەچبوونی رزگارکردنی بەندە و خزمایەتی نەوەکان و باوان وخزمانی نزیك (الحواشی) دەگرێتەوە بەڵام هاوسەری لەهۆیەکانی میراتی نەبوو وەمیراتی کچ ڕووکەش بوو لەبەرئەوەی دوای مردنی بەشەکەی دەگەڕایەوە بۆ براکانی، لای ئەوان باوان لەگەڵ نەوەکان میراتیان نەدەبرد بەڵام لەئیسلامدا باوان و نەوەکان بەیەکەوە میراتی دەبەن و ژن ومێردیش لەیەکتری میراتی وەردەگرن .

٢-جولەکە تەنها میراتیان بەکوڕی گەورە دەدا، ئەگەر کوڕ نەبوایە بۆکچ، پاشان باوك پاشان باپیر و پاشان براو پاشان بەخزمەکان و ژن ومێرد میراتی لەیەك نابەن بۆئەوەی سامان لەسنوری خێزان نەچێتە دەرەوە.



**حەوتەم : میراتی لای عەرەب ( پێش ئیسلام ) :**

عەرەب لە ژینگەیەکی دژواردا ژیاون کەبوەتە هۆی ئاڵۆزی ڕەفتارو ئاکاریان، لەبەر چەند هۆیەك شەڕکردن بەسەریاندا زاڵبووە وەك ناکۆکی لەسەر لەوەڕگاو ئاوی خواردنەوە پێشبڕکێ لەسەر ئافرەت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر سیستەمی میراتی لایان.

د. جواد علی دەڵێت: (میراتی لای عەرەب پێش ئیسلام زانراوە بەڵام ئەمە تایبەت بووە بەکوڕە گەورەکانی مردوو، بەڵام کچەکان و کوڕە بچووکەکان بێبەش بوون، بنەما لای ئەوان ئەوەبووە کە کاتێك پیاو بتوانێت شەڕ بکات دەتوانێت میراتی ببات لەبەرئەوە ئەگەر مردوو کوڕی گەورەی نەبوایە یان تەنها کچی هەبوایە براکانی مردوو میراتییەکەیان دەبرد) .

هۆیەکانی میراتگری لای ئەوان سێ هۆیە (نەسەب و گرتنەخۆ (تبنی)وسوێند.

١- نەسەب: واتە خزمایەتی گرنگترین هۆی میراتییە بەڵام بەتەنها بەس نەبووە بۆ بردنی میراتی بەڵکو مەرجی تری هەبوو وەك ئەوەی تەنها کوڕ میراتی دەبات و دەبوایە لەتوانایدا بووایە چەك هەڵگرێت بۆبەرگریکردنی لە خێڵەکەی و هێرش بکاتە سەر دوژمنەکانی، بەڵام ژن ومنداڵ وکەم توانا کە توانای چەك هەڵگرتنییان نییە بێ بەش بوون لەمیراتی .

٢- گرتنەخۆ (تَبَنِي): واتا مرۆڤ کەسێك کەمنداڵی خۆی نییە بیگرێتەخۆ بەناوی خۆیەوە، باوبووە لەناوعەرەبدا پێش ئیسلام ئەگەر کەسێك گەنجێکی بەتوانای ببینییایە دەیگرتەخۆی، تەنانە ئەگەر نەسەبیشی ئاشکرابووایە ئەمەش بەڕەزامەندی هەردوولاو بەڕاگەیاندن دەبوو ئەم گرتنە خۆیەش دەبووە هۆی حەرامکردنی ژنخوازی لەلایەك و مافی میراتیی دەدرایە لەلایەکی ترەوە .

٣- سوێند خواردن: بەواتای پەیمان بەستن لەنێوان دووکەسدا لەدووخێڵی جیاوازدا کەبەیەکتریان دەوت پشتم بگرە پشتت دەگرم خوێنم خوێنتە، میراتیم لێدەبەیت میراتیت لێدەبەم. ئەم پەیمانەش تەنها لەنێوان دووپیاودا ئەنجامدەدرا.

## هەشتەم : میراتی لەسیستەمە ڕۆژئاواییە نوێکاندا :

ا- میراتی لای فەڕەنسییەکان بەمردن دەبێت بەپێی بڕیار بێت یان مردنی ڕاستەقینە .

ب- میراتی بەهۆی هاوسەری وخزمایەتی دەبێت، میراتگرەکان بریتین لە منداڵەکان شەرعی بن یان نا، وەهەموو نەوەکان وکەسە نزیکەکانیو ژن و مێرد .

ج- لەرێگرەکانی میراتی: کوشتنی خاوەن سامان یان مەبەستی کوشتنی یان کەمتەرخەمی لەئاشکراکردنی بکوژ، بەمەرجێك میراتگر بەهۆش و بیربێت و لەتەمەنی پێگەیشتندابێت .

د- ریزبەندی میراتگرەکان بەم شێوەیە: سەرەتا منداڵە شەرعییەکان پاشان ئەگەر منداڵی نەبوو میراتی بۆهاوسەرە ئەگەر ئەویش نەبوو بۆدەوڵەتە .

هـ- یەکسانی لەنێوان کچ و کوڕدا بەدیدەکرێت .

و- کەسێك پێش باوانی بمرێت نەوەکانی جێگەی دەگرنەوە و بەشە میراتییەکەی دەبەن .

ز- هاوسەر میراتی نابات لەکاتێکدا کە منداڵی نەبێت، بەڵام لەوکاتەدا کەمیراتی بەرناکەوێت مافی وەبەرهێنانی بەشێکی لەو میراتییە پێدەدرێت بۆ پاراستنی ئەو پایە کۆمەڵایەتیەی کەتیایدا بووە لەژیانی هاوسەرەکەیدا .



٧- ئیسلام ڕێزی لەئافرەت گرتووە ڕێزی دایکایەتی گرتووە بەشی ژنی داوە لەمیراتیدا لەکاتێکدا لەزۆربەی یاساکانی تردا بێبەشکراوە وە بەشی ئەو کەسانەیشی داوە کە لەرێگەی ئەوەوە بەخاوەن سامان دەگەن وەك منداڵی دایك (سید قطب خوالێی خۆشبێت دەڵێت : ئەم سیستەمە دادپەروەرانە ڕێکەوتووە لەگەڵ فیترەتی مرۆڤ وە لەگەڵ واقعی ژیاندا ئەمەش ئاشکرا دیارە کاتێك کە بەراوردی دەکەین بەهەرسیستەمێکی تر لەنەفامی کۆن (الجاهلیة القدیمة) وئێستادا لەسەر هەموو زەوی.

٨- ئەم سیستەمە لەسێ ئایەتی قورئانی پیرۆز (ژمارە ١١، ١٢، ١٧٦ )لەسورەتی (النساداء) بەهەمان زمانی وردی جوان کە هۆش و ویژدان دەدوێنێت باسکراوە وپێش حوکمەکانی ئەم سستەمە چەند ئایەتێك (ئایەتی ٧هەتا ئایەتی ١٠ لە سورەتی نساء ) دا هاتووە بۆ ئامادەکردنی دەرونەکان بەقبوڵکردنی ئەم حوکمانە ودوای حوکمەکانیش دووئایەت هاتووە ژمارە (١٣، ١٤، سورەتی نساء ) بۆ هاندان بە پەیڕەوکردن و هەڕەشەکردن لەسنوربەزاندن.

٩- حوکمەکانی میراتی لەو حوکمە جێگیرانەیە کە گۆڕانکاری قبوڵ ناکات وە لەهەموو شوێنێك دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت .

## ڕووەکانی ئیعجاز لەمیراتی لەئیسلامدا :

### یەکەم: بەراوردکردنی بەسیستەمە کۆنەکان (پێش ئیسلام ):

١- ئەگەر بەراود بکەین لەنێوان میراتی لای فرعونەکان ومیراتی ئیسلامدا دەبینین خاڵی لێکچونیان زیاترە لەجیاوازی، گرنگترین خاڵە هاوبەشەکان بریتییە لە میراتی بردنی هەریەکە لەژن ومێردن لەیەکتر، ومیراتگری هەموو نەوەکان بە کوڕو کچەوە، لەخاڵە جیاوازەکانیش یەکسانی کوڕو کچە لە میراتیدا لای فیرعەونییەکان، هۆی

٣- سیستەمی میراتی لەئیسلامدا بەوە جیادەکرێتەوە کەپەیوەستە بەویستی خوای گەورە نەك ویستی مردوو یان میراتگر، ومیراتی تەنها مولکە کە بەبێ مەرجی رەزامەندی هەردوولا دەگوازرێتەوە، ئیسلام تەنها مافی داوە بەخاوەن سامان لەسنوری سێیەکدا رەفتاربکات بەوە سیەتکردن بەلاَم ئەگەر وەسیەت بۆ کارێك بوو لە شەرعدا رێگای پێنەدرابوو ئەوا وەسیەتەکەی جێبەجێ ناکرێت لەبەرئەوەی پێویستە مرۆڤ سامانەکەی بۆخێرو چاکەی دنیاو قیامەتی بەکاربهێنێت هەروەها وەسیەت بۆ میراتگرنییە واتا ناگونجێت وەسیەت بکرێت بۆ میراتگرەکان .

٤- دابەشکردنی میراتی لەسەر بنەمای خزمایەتییە، ئیسلام بەشی کەسی نزیك دەدات بەبێ جیاوازی لەنێوان گەورەو بچوك، نێرو مێ، بەشی منداڵی زیاتر داوە لەوانی تر لەبەرئەوەی ئەوان تەواوکەری کەسێتی کەسی مردوون وە لە زۆربەی کاتەکاندا ئەوان لاوازو بێدەسەلاتن، لەگەڵ ئەوەشدا بەتەنها ئەوان میراتی نابەن بەڵکو لەگەڵ ئەواندا باوك ودایك ونەنك و باپیر دەیبەن هەرچەندە کەمتر لەمنداڵ دەبەن .

٥- ئیسلام لەدابەشکردنی میراتیدا رەچاوی پێویستی کردووە بۆ نمونە بەشی کوڕ زیاترە لەباوك لەبەرئەوەی منداڵ لەسەرەتای ژیاندایە وپێویستی زیاتری بەسامان هەیە وەبەشی نێرینە هەندێکجار دووئەوەندەی مێینەیە بەهۆی پێویستی زیاتری نێرینە بەیارمەتی بەهۆی زۆریی ئەرکەکانی سەرشانی .

٦-دابەشکردنی میراتی لە ئیسلامدا لەسەر بنەمای بلاَوکردنەوەی سامانە بۆئەوەی لەدەستی یەك کەسدا کۆنەبێتەوە و پاشان سامانی نەتەوە لە دەستی کۆمەڵێکی کەمدا بمێنێتەوە کە لەوانەیە دەست بەسەر هەمووشتێکدا بگرن و بەویستی خۆیان بەکاری بهێنن، بەلاَم سیستەمی ئیسلام سامان پەرشو بلاَودەکاتەوە.پاشان دووبارە کۆی دەکاتەوە پاشان جارێکی تر بلاَوی دەکاتەوە بەم شێوەیە.



ح- دەوڵەت تەنها لەکاتی نەبوونی منداڵ و هاوسەری مردوودا سامانەکە دەبات.

**میراتی لەیاسای ئینگلیزیدا :**

١- نێرینەکان پێش مێینەکانن لەپلەی خۆیاندا بۆنموونە کوڕان لە پێشترن لە کچانی مردوو لەبردنی میراتی دا.

٢- کوڕی گەورە لەپێش هەموو منداڵەکانی ترەوەیە .

٣- ئەگەر مردوو نەوەی نەبوو نزیکترین کەس لەباوانی لەلایەنی باوکەوە میراتییەکەی دەبات .

٤- کوڕی کوڕ پێش کچی مردووە .

٥- باس نەکردنی میراتی هاوسەر مانای ئەوەیە هاوسەرەکان نابنە میراتگرییەك، هەروەها دایك وهیچ ئافرەتێکی تر میراتی نابات تەنها کچ لەکاتی نەبوونی کوڕدا ئەیبات.

## میراتی لەیاسای ئەڵمانیدا :

١– هۆیەکانی میراتی وەك یاسای فەڕەنسی لـەسەر بنـەمای  هاوسـەری و خزمایەتییە.

٢– ئەوخزمانەی میراتی وەردەگرن لـەیاسای ئەڵمانیدا ئەمانەن :

أ–  نەوە وەك کوڕ  .

ب – دایك وباوك وخوشك وبرا .

ج– باپیر ونەنك مام وپوور (خوشکی باوك )

د– باوکی باپیرو مامی باوان وپورەکانیان  .

ه–باپیری باپیرو نەوەکانییان .

٣– کوڕوکچ یەکسانن لـەبەشەکانییان .

٤–ڕێگری میراتـی لـەیاسـای ئەڵمانیـدا بریتییـە لـەکوشـتنی بەئەنقەسـت یـان هەوڵدان بۆکوشتن یان بوونە هۆی ناتەواوییـەك لـەمیراتگری کەنـەتوانێت بێبەشـی بکات  لەمیراتی .

٥– ئەگەر خاوەن سامان میراتگری نەبوو دەوڵەت دەبێتە میراتگری .



## بەشی سێهەم

## جیاکەرەوەکانی تەشریعی قورئان لە میراتیدا و ڕووەکانی ئیعجاز و کاریگەرییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان

جیاکەرەوەکانی تەشریعی قورئانی پیرۆز لـەبابـەتی میراتیـدا دەبیـنین کـە کۆمـەڵێك سیفەت و جیاکەرەوەی هەیە کـە دوژمنـانی ئیسـلام پـێش دۆسـتانی دانیـان پێـداناوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە قورئان وتەی خوای گەورەیە لـەبەرئەوەی ئـەم دابەشـکردنە دادپەروەرییە  کەئیسلام هێنای هیچکام لەو سیستەمە کۆنانە نەیان ناسیوە نەمیسـریەکان نە لـە یۆنان و نە  لـەڕۆمان تەنانەت لـەیاسا ئەوروپی و ئەمریکیەکانیشدا .

دەتوانین ئەو سیفاتانە لـەم خاڵانە کورت بکەینەوە :

١– خوای گەورە خۆی میراتی دابەشکردووە بەسـەر خـاوەن مافەکانـدا و ئەمـەی بۆکەسی تر بەجێنەهێشتووە  هەموو حوکمەکان لـەدەقی قورئاندا هاتووە هەروەك شێخی ئیسـلام (ئـیبن تیمییـە) دەڵێـت : هەرچـەندە بێجگـە لـەو هەیـە دەڵێـت هەنـدێك لـە حوکمەکانی بە إجماع (کۆدەنگی  جێگیر بووە و هەندێکی تر  بە قیـاس (لێکچـواندن ) بەڵام کۆدەنگیش پشت بەدەقێك دەبەستێت هەروەها لێکچواندن لکاندنی لقە بە دەقـە سەرەکیەکەی (ئەصڵی)  بەهۆی بوونی هەمان هۆ .

٢– جێبەجێکردنی سیستەمی میراتی لـەئیسلامدا لە ویژدانی کۆمـەڵی ئیسـلامییەوە هەڵقوڵاوە وەك هەموو یاسا شەرعییەکانی دی،  کەس ناتوانێـت فێـڵ لـەجێبەجێکردنیـدا بکات  و  ویژدانی ئاسودەبێت تەنها مەگەر بێبڕوابێت .

واتا : خوای گەورە بۆ هەموو سامانێك چـەند میراتبـەرێكی دانـاوە تـامیراتی ببـەن هەروەها دەبێت مافی ئەو كەسانە بدرێت كە پەیمانی (مولاة ) لـەگەڵیانـدا بەسـتراوە كـە ( النسفی) كـەڕێبازی حەنەفیـە دەڵێـت ئەمـە لای هـەموو هـاوەڵان بەگشـتی هـەبووە تەفسیرەكەی ئەوەیە ئەگەر پیاوێك یان ژنێك موسڵمان بوو میراتگری نەبوو وەعـەرەب نەبوو بەندەی رزگاركراو نەبوو پەیمان لـەگەڵ كەسێكی تر دەبەستێت كـە ئەگـەر مـرد ببێتە میراتگری ئەویش ڕازی دەبێت بەڵام ئەمە لای جمهوری فوقەها مەنسوخە واتە كاری پێناكرێت.

١٠ – ئایەتی ژمارە ١٧٦ خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ يَسْتَفْتُونَكَ قُلِ اللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِي الْكَلَالَةِ إِنِ امْرُؤٌ هَلَكَ لَيْسَ لَهُ وَلَدٌ وَلَهُ أُخْتٌ فَلَهَا نِصْفُ مَا تَرَكَ وَهُوَ يَرِثُهَا إِنْ لَمْ يَكُنْ لَهَا وَلَدٌ فَإِنْ كَانَتَا اثْنَتَيْنِ فَلَهُمَا الثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَ وَإِنْ كَانُوا إِخْوَةً رِجَالًا وَنِسَاءً فَلِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ أَنْ تَضِلُّوا وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴾ ( سُورَةُ النِّسَاءِ : ١٧٦ ) واتـا : ئەی پێغەمبەر پرسیارت لێدەكەن لە میراتـی ئـەو كەسـەی كـەدەمرێت نـەباوك ودایـك ونەمنداڵی نییە، حوكمی خودا لـەمیراتی ئەو كەسەدا ئەگەر مردوەكە خوشكی هـەبوو نیوەی میراتییەكەی بۆ ئەوە ئەگەرمنداڵی هەبوو میراتییەكەی بۆ ئـەوە، ئەگـەر مـردوو دووخوشكی هەبوو دوولەسەر سێی میراتییەكە بۆ ئەوە . ئەگەر خوشك و بـرای هـەبوو بەشی نێرینە وەك بەشی دوومێینەیە خوای گەورە ئەوەتان بۆ روون دەكاتـەوە بۆئـەوەی لە دابەشكردنی بەشەكانی سەرتان لێنەشێوێت خوا تەواو ئاگادارە بەكردەوەكانتان.



## بەشی دووەم

# میراتی لە ئیسلامدا

## یەكـــەم : واتـــای پایـــەكانی، هۆیـــەكانی، مەرجـــەكانی، ڕێگرەكانی :

**١- پێناسەی میراتی** : میراتی لـەزمانی عەرەبیدا دوو واتا دەگەیەنێت :-

یەكـەمیان كـرداری میراتگریـی یـان دابەشـكردنی سـامانی بـەجێماوە بەسـەر مافدارەكاندا لـەدوای لێدەركردنی خەرجییەكانی ناشتنی مردوو دانـەوەی قـەرزەكانی وجێبەجێكردنی ئەو وەسێتانەی كەبۆ لایەنی چاكە كردوویەتی، ئەم مانایـەش مەبەسـتە لێرەدا .

مانای دووەم ئەو سامانەیە كە مردوو بەجێی دەهێڵێت .

**٢- پایەكانی كە بەبێ بوونی ئەویش نابێت، سێ دانەیە :**

**یەكەم:** ئەو كەسەی میراتی لـەدوا بـەجێدەمێنێت: كـە بەڕاسـتەقینە یـان بـەپێی بڕیاری دادگا بەمردوو دادەنرێت كەبەزمانی عەرەبی پێی دەڵێن (الموروث ).

**دووەم:** میراتگـر: ئـەو كەسـەیە كـە پەیوەنـدی خزمایـەتی یـان هاوسـەری یـان ملكەچبوون بەرزگاركردن (الولاء بالعتق ) بەمردووەوە هەیە لـەسامان و سـودو مـافی داراییدا .

**سێیەم:** هۆیەكانی میراتی كە بەبوونی میراتی دەبێت ئەگەر مەرجـەكان هـەبوون و ڕێگریەكان نەبوون . ئەم هۆیانەش سیانن :

یەکەم : هاوسەری دەرەنجامی گرێبەستێکی ڕاستی بەردەوام و، ئەگەرتەلاق ڕوویداو یەکێك لەهاوسەرەکان مردن لەکاتی (عدة) کە لەشەرعدا دیاریکراوە تەلاقەکە رەجعی بوو ئەوا ئەو هاوسەرییە بەبەردەوام دەژمێردرێت .

دووەم :- خزمایەتی بەهۆی هاونەسەبی ئەمەش گرنگترین پەیوەندییە، ئەمانە دەگرێتەوە : باوانی مردوو وەك باوك و باپیر، دایك و نەنك، هەروەها نەوەکانی دەگرێتەوە وەك کوڕو کچ و کوڕی کوڕ کچی کوڕ هەروەها خزمەکانی دیکەی مردوو وەك براو مام هەروەها پورو خاڵ .

هۆی سێهەم بریتیە لەملکەچی بەهۆی رزگارکردن لەبەندایەتی واتا کەسێك کە کۆیلەیەك ڕزگار بکات پەیوەندییەك لەنێوان ئەم دوو کەسەدا دروستدەبێت کە ئەگەر کۆیلەی ڕزگارکراو مردو کەسێکی میراتگری نەبوو گەورەکەی دەبێتە میراتگری .

**١- مەرجەکانی سێ دانەیە :**

مەرجی یەکەم: مردنی خاوەن سامان بە ڕاستەقینە یان بڕیارێکی دادگا واتا بڕیاری دادگا بە مردنی کەسێکی ون.

مەرجی دووەم: ژیانی میراتگر لەدوای مردنی خاوەن سامان ئەگەر ماوەیەکی کەمیش بێت .

مەرجی سێهەم : نەبوونی ڕێگرێك لەڕێگرەکانی میراتی.

٢- ڕێگرەکانی میراتی ئەوانەیە کە ڕێگە بەبردنی میراتی نادات سێ دانەیە :

یەکەم : کوشتن پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: "بکوژ میراتی نابات"، مەبەستیش کوشتنی ئەنقەستە.



ئەگەر منداڵی هەبوو ژن هەشت یەك دەبات لەدوای وەسیەتێك کەکردبێتی یان قەرزێك کە هەیبێت، منداڵی کوڕ لەحوکمی منداڵدایە لەم خاڵەدا وەئەگەر مردوو پیاو بێت یان ژن نەمنداڵی هەبێت نەدایك وباوك براو خوشکی دایکی بەجێ هێشتبوو هەریەکەیان شەش یەك دەبەن ئەگەر لەوە زیاتر بوون هاوبەشن لەسێ یەکی نێرینەو مێینە یەکسان دەبن لەدوای دانەوەی قەرزەکانی وجێبەجێکردنی وەسیەتەکانی کە نابێت لەسێ یەکی میراتی تێپەربکات کەواتە باوەڕداران پابەندن بەفەرمانی خوا ئەو ئاگادارە بەوکەسانەی کە لادەدەن و بەئارامەو سزای لەڕێ لادەران پێش ناخات .

٧- ئایەتی ژمارە ١٣ خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ تِلْكَ حُدُودُ اللهِ وَمَنْ يُطِعِ اللهَ وَرَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ﴾( سُورَةُ النِّسَاءِ : ١٣ )

واتە: ئەم حوکمانەی کەباسکران شەریعەتی خوایە دایناوە بۆ بەندەکانی، هەرکەسێك گوێرایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بکات پاداشتی بەهەشتێکە کە ڕوبار بەژێریدا دەڕوات ئەویش سەرکەوتنێکی گەورەیە .

٨- ئایەتی ژمارە ١٤ خوایگەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَنْ يَعْصِ اللهَ وَرَسُولَهُ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ يُدْخِلْهُ نَارًا خَالِدًا فِيهَا وَلَهُ عَذَابٌ مُهِينٌ ﴾ ( سُورَةُ النِّسَاءِ : ١٤ )

واتە: هەرکەسێك یاخی بێت لەخواو پێغەمبەرەکەی و لەسنوری شەرعی خوا لابدات، سزای دەدات بەئاگرێك کە لەشی دەسوتێنێت جگە لەسزای دەروونی و ویژدانی .

٩-ئایەتی ژمارە ٣٣ خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ وَلِكُلٍ جَعَلْنَا مَوَالِيَ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ وَالَّذِينَ عَقَدَتْ أَيْمَانُكُمْ فَآتُوهُمْ نَصِيبَهُمْ إِنَّ اللهَ كَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدًا ﴾ ( سُورَةُ النِّسَاءِ : ٣٣ ).

دَيْنٍ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ لاَ تَدْرُونَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ لَكُمْ نَفْعًا فَرِيضَةً مِنَ اللهِ إِنَّ اللهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴾ ( سُورَةُ النِّسَاءِ : ١١ )

واتە : خوای گەورە فەرمانتان پێدەکات لەبارەی میراتگری منداڵ و دایك وباوکتان کاتێك ئێوە مردن بەوەی کە دادپەروەری و چاکسازی بەدیدەهێنێت کەبەشی نێرینە بەشی دوو مێینەیە. ئەگەر منداڵەکان کوڕو کچ بوون و ئەگەر یەك کچی لەدوا بەجێما نیوەی میراتییەکە هی ئەوە، ئەگەر دایك و باوکی هەبوو هەریەکەیان شەش یەك دەبات لەکاتێکدا منداڵی هەبوو کوڕبێت یان کچ، ئەگەر منداڵی نەبوو سیٚ یەکی بۆ دایکی و ئەوەی تر کەدەمێنێتەوە بۆ باوکی، ئەگەر براو خوشکی هەبوو شەش یەك بۆدایکی، ئەم بەشانەش دەدرێت لەدوای دانەوەی قەرزەکانی مردوو جێبەجێکردنی وەسێتەکانی لەسنوری شەرعدا، ئەوە حوکمی خودایە، ئێوەنازانن باوك و دایك یان منداڵەکان بەسودترن بۆ ئێوە، خێر لەوەدایە کەخوا فەرمانی پێکردوون ئەو زاتە زانایە بەبەرژەوەندیتان .

٦- ئایەتی ژمارە ١٢ خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ إِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُنَّ وَلَدٌ فَإِنْ كَانَ لَهُنَّ وَلَدٌ فَلَكُمُ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْنَ مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِينَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ وَلَهُنَّ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ إِنْ لَمْ يَكُنْ لَكُمْ وَلَدٌ فَإِنْ كَانَ لَكُمْ وَلَدٌ فَلَهُنَّ الثُّمُنُ مِمَّا تَرَكْتُمْ مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ تُوصُونَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ وَإِنْ كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلاَلَةً أَوِ امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ فَإِنْ كَانُوا أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ فَهُمْ شُرَكَاءُ فِي الثُّلُثِ مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصَى بِهَا أَوْ دَيْنٍ غَيْرَ مُضَار وَصِيَّةً مِنَ اللهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَلِيمٌ ﴾ ( سُورَةُ النِّسَاءِ : ١٢ ).

واتە: مێرد نیوەی میراتی ژنەکەی دەبات ئەگەر منداڵی نەبوو لەو مێردە یان لەمێردێکی تر، ئەگەر هەیبوو چواریەك دەبات لەدوای وەسیەت یان قەرزەکانی و ژن چواریەك دەبات لەمیراتی مێردەکەی ئەگەر منداڵی نەبوو لەو ژنە یان لەژنێکی تر،



دووەم: جیاوازی ئاین بۆنمونە موسڵمان میراتی لەکافر نابات بەپێچەوانەشەوە، ڕێگری سێهەم : کۆیلەیی لەبەرئەوەی بەندە هیچ مولکێکی نییە بەڵکو مولکی گەورەکەیەتی .

## دووەم : جۆرەکانی میراتگر و چۆنێتی میراتی :

**یەکەم:** خاوەن بەشە دیاریکراوەکان (أصحاب الفروض ): هەموو ئەو میراتگرانەن کە شەرع بەشێکی دیاریکراوی بۆ داناون بەشێوەی ڕێژەیەك لەمیراتی وەك ( ٦/١ یان ٣/١ یان ٣/٢ یان ٢/١ یان ٤/١ یان ٨/١ ) .

ئەمانیش ژن و مێرد، باوك وکوڕ، باپیرو نەنك و بۆ سەرەوە کچ وکچی کورو خوشکی ڕاستەقینە، خوشکی باوك و برای دایك و خوشکی دایك .

**دووەم:** پشت بەنەسەب (العصبة بالنسب ): ئەو کەسانەن کە لەنێوان ئەوو کەسە مردووەکەدا ئافرەتێك نییە ئەمانیش سیٚ بەشن :

١-(العصبة بالنفس ) ئەو پیاوانەن کە بەهۆی کوڕێتی، باوکایەتی، برایی و مامێتی (العمومة) پەیوەستن بە مردوەوە، ئەگەر بەتەنها بوون هەمووسامانەکەیان بەردەکەوێت، وە ئەگەر کەسێکی خاوەنبەشی دیاریکراو (اصحاب الفرائض ) یان لەگەڵدابوو ئەو بەشەی کەدەمێنێتەوە دەیبەن .

٢-(العصبة بالغیر ) ئەمانەش هەموو ئافرەتێکی خاوەن بەشی دیاریکراوە کە کەسێکی لەکۆمەڵی( عصبة بالنفس ) لەپلەی خۆی لەگەڵدابێت، ئەمانیش کچ لەگەڵ کوڕدا، کچی کوڕ لەگەڵ کوڕی کوڕدا، خوشك لەگەل برادا، خوشکی باوك لەگەڵ برای باوك ئەمانیش ئەگەر بەتەنها بوون هەموو سامانەکە دەبەن، یان بەپێچەوانەوە

لەدوای بەشی خاوەن بەشە دیاریکراوەکان ئەوەی دەمێنێتەوە دەیبەن بۆهەر نێرینەیەك بەشی دوومێینەیە.

٣- (العصبة مع الغیر ) ئەمانیش خوشك یان خوشی باوك لەگەڵ نەوەی مێینەدا (کچ یان کچی کورِ یان هەردووکیان) لەم حاڵەتەدا لەدوای ئەوەی نەوەکە بەشی خۆی دەبات ئەگەر مایەوە دەدرێت بەم کەسانە .

**سێهەم:** هاوپشت بەهۆیەك (العصبة السببیون ) ئەمیش ئەو کەسەیە کە بەندەیەك رزگار دەکات پاشان ئەگەر بەندەکە مردو میراتگری نەبوو ئەو کەسە دەبێتە میراتگری .

**چوارەم:** ( ذوي لارحام) ئەمانیش ئەو خزمانەن کەخاوەنی بەشی دیاریکراونین (پشت نین)، ئەمانیش ئەگەر کەس نەبوو لەمیراتگرەکانی تر کە باسکران سامانەکە دەبەن، یان ئەگەر لەهاوسەرەکان هەبوون بەشی خۆیان دەبەن و ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ (ذوالارحام ) دەبێت .

بەو پێیەی خاوەن بەشە دیاریکراوەکان بەشەکانیان دیارە بەم شێوەیە دەبێت :

نیوە : بەشی پێنج جۆرە مێرد بەمەرجی دیاریکراو، کچی تەنیا، کچی کورِ، خوشك، باوك .

چواریەك : بۆمێرد لە کاتی بوونی نەوەدا، ژن لەکاتی نەبوونی نەوەی میراتگردا .

هەشت یەك : ژن لەکاتی بوونی نەوەی میراتگردا .

دووسێیەك : بۆ دوو کچ و زیاتر، دوو کچی کورِو زیاتر، دوو خوشك.

سێ یەك : دایك لەکاتی نەبوونی نەوەی میراتگر یان نەبوونی ژمارەیەك برا، برای دایك لەکاتی نەبوونی رێگر.



نەفامییەکی گەورە بوو لەبەرئەوەی میراتگری بێدەسەلاَت و منداڵ زیاتر پێویستییان بەپارە و سامان هەیە بەلاَم ئەوان بەپێچەوانەوە حوکمییان دەکرد .

٢ - ئایەتی ژمارە ٨ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِذَا حَضَرَ الْقِسْمَةَ أُولُو الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينُ فَارْزُقُوهُمْ مِنْهُ وَقُولُوا لَهُمْ قَوْلاً مَعْرُوفًا ﴾ ( سُورَةُ النِّسَاءِ : ٨ )

واتا ئەگەر خزمانێك کە بەشیان نییە لەمیراتیدا وە هەتیوو کەسانی هەژار لەکاتی دابەشکردنی میراتیدا ئامادەبوون پێویستە شتێکیان پێبدرێت کە دەگاتە ئاستی بەشەکان و بەقسەی خۆش دڵیان رِازی بکرێت .

٣- ئایەتی ژمارە ٩ خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ وَلْيَخْشَ الَّذِينَ لَوْ تَرَكُوا مِنْ خَلْفِهِمْ ذُرِّيَّةً ضِعَافًا خَافُوا عَلَيْهِمْ فَلْيَتَّقُوا اللهَ وَلْيَقُولُوا قَوْلاً سَدِيدًا ﴾ ( سُورَةُ النِّسَاءِ : ٩ )

لەم ئایەتەدا داوا لەمرۆڤ کراوە لەخوا بترسێت ئەو سامانەی کۆی دەکاتەوە حەلاَڵ بێت مافی خودای لێدابێت و ویژدانی زیندوو بێت هەمیشە هەست بەچاودێری خوای گەورە بکات تەنانەت لەقسەکردنیشدا .

٤- ئایەتی ١٠ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَالَ الْيَتَامَى ظُلْمًا إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ نَارًا وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرًا ﴾ ( سُورَةُ النِّسَاءِ : ١٠ )

ئەم ئایەتە هەرِەشە لەو کەسانە دەکات کە(وصي) هەتیوانن لەبەفیرۆدانی ماڵیان، ئەم سامانە کە بەسیستەم دەیخۆن دەبێتە ئاگر لەدنیادا سزای ویژدان دەیان سوتێنێ و لەقیامەتیشدا .چارەنووسی خراپ چاوەرێیانە .

٥- ئایەتی ژمارە ١١ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يُوصِيكُمُ اللهُ فِي أَوْلاَدِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنْثَيَيْنِ فَإِنْ كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ وَإِنْ كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ وَلأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِنْ كَانَ لَهُ وَلَدٌ فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ وَلَدٌ وَوَرِثَهُ أَبَوَاهُ فَلأُمِّهِ الثُّلُثُ فَإِنْ كَانَ لَهُ إِخْوَةٌ فَلأُمِّهِ السُّدُسُ مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِي بِهَا أَوْ

لەم حاڵەتەدا دادپەروەرییە کە یەکسانبن لە مافدا لەکاتێکدا لەئەرکەکاندا یەکسان نین؟

لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر لەو جیاوازییە وردبینەوە لەنێوان بەشی کوڕو کچدا دەبینین شتێکی زۆر کەمە، ئەگەر کەسێك مردو کوڕو کچێکی لەدوا بەجێما کوڕەکە ٤ پشك و کچەکە ٢ پشك دەبات واتا بەجیاوازی شەش یەکی میراتییەکە، لەبەرئەوەی ئەگەر یەکسان بوونایە سێ لەسەر شەشی میراتییەکەی دەبرد، بەڵام ئیسلام بۆ کوڕەکە یەك لەسەرشەشی میراتییەکەی زیاتر لەکچ پێدراوە لەبەر ئەوەی ٤ پشکی برد لەگەڵ ئەوەشدا لەهەندێك حاڵەتدا ژن و پیاو یەکسانن وەك خوشك و برای دایك یەکسانن لەسێیەکی میراتیدا بەبێ جیاوازی وە لە هەندێك کاتی تر ژن لەپیاو زیاتر دەبات .

## پێنجەم : میراتی لە قورئانی پیرۆزدا :

ئەو ئایەتانەی کەباس لەمیراتی دەکات لەقورئانی پیرۆزدا بریتین لەو ئایەتەکانی ژمارە ٧ هەتا ژمارە ١٤ لەسورەتی (النساء) وە ئایەتی ژمارە ٣٣ و ئایتی ژمارە١٧٦ واتا ژمارەی هەموو ئایەتەکان ١٠ ئایەتن .

١- ئایەتی ژمارە ٧ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لِلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ نَصِيبًا مَفْرُوضًا ﴾ ( سُورَةُ النِّسَاءِ : ٧ ) واتا نێرینەکانی مردوو بەشێکی میراتییەکەیان دەکەوێت و مێینەکانیش بەشێکیان دەکەوێت لەوەی بەجێدەهێڵێت ئەمەش بەشێکی فەرزکراوە ئەم ئایەتە کاتێك دابەزی لەکاتێکدا لەجاهیلیەتدا تەنها نێرینەکان میراتییان دەبرد ئەمەش



<u>شەش یەك</u> : باوك (هەندێك جار) باپیر دایك( ئەگەر سێ یەك نەبات) نەنك، کچی کوڕ و خوشکی باوك لەگەڵ یەك خوشکی ڕاستەقینە، برا یان خوشکی دایك لەکاتێکدا ئەوان بەتەنها هەبن .

## سێیەم : فەلسەفەی میراتی لەئیسلامدا :

فەلسەی میراتی لەئیسلامدا لەسەر دوو بنەمایە :

بنەمای یەکەم: مافی مرۆڤ بۆخاوەنداریێتی .

بنەمای دووەم : مافی خزمەکانی بۆئەوەی سامانەکەی ببێت بەموڵکی ئەوان، مافی مرۆڤ بۆخاوەنداریێتی مەبەستی زۆر ئایەت و حوکمی شەرعییە، خاوەنداریێتی لێرەدا مەبەست خاوەنداریێتی لەبەردەستدا بوون وسودوەرگرتنە لەبەر ئەوەی خاوەنی ڕاستەقینە خوای گەورەیە کە دەفەرموێت :﴿ آمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَأَنْفِقُوا مِمَّا جَعَلَكُمْ مُسْتَخْلَفِينَ فِيهِ فَالَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَأَنْفَقُوا لَهُمْ أَجْرٌ كَبِيرٌ ﴾ ( سُورَةُ الْحَدِيدِ : ٧ ) لەبەرئەوەی خوای گەورە خاوەنی ڕاستەقینەی ئێمەیە ئەم سامانە لەبەر دەستماندایە بۆ سود وەرگرتن لێی. بۆ پارێزگاریکردن لەم سامانە سزای بۆ دزی و چەتەیی ( قطع الطريق) داناوە و بە سیستەمێکی تایبەت هۆی زیادکردن ونەشونماکردنی داناوە، ئایەتەکانی میراتیش بەئاشکرا ئەم خاوەنداریێتیەیان بەڕەوا داناوە لەبەرئەوەی میراتی بەشێکی خاوەنداریێتی تاکە کەسە.

ڕەچاوکردنی ئیسلام بۆ ئەم مافە لەڕاستیدا ڕەچاوکردنی غەریزەی مرۆڤە، پراکتیزە کردنی لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕاستی و قوڵی ئەم غەریزەیە دەردەخات ئەو سیستەمە ئابوریانەی بەرەنگاری ئەم غەریزەی خاوەنداریێتیە دەکەن شکستیان هێنا، لەبەرئەوەی ئادەمیزادیان بێ بەشکرد لەو پاڵنەرەی کەدەبێتە مایەی پێشبڕکێ و هەوڵدان و

باشترکردنی کارەکان . ئەو سیستەمە کەهەموو مرۆڤەکان سست و چالاك، تەمەڵ وکارکەر وەك یەك کرێیەکیان پێبدرێت ، وەگریمانەی ئەوەی کە مرۆڤەکان هەموو یەکسانن لەبەهرەکانیان هەڵەیە لەبەرئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلاَ يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ ﴾ (سُورَةُ هُودٍ : ١١٨ ) واتە ئەگەر هەموو مرۆڤەکان چوونیەك بوونایە کەواتە هەندێکیان بەس بوون و پێویست بەهەندێکی تریان نەبوو کە هەبن ﴿... رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذَا بَاطِلاً سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ ﴾ ( سُورَةُ آلِ عِمْرَانَ : ١٩١ ) هەروەها مافی خزمەکانی خاوەن سامان کە ئەوەی لەدوای بەجێدەمێنێت بەمیراتی ببەن وگەشەی پێبدەن شتێکی سروشتییە لەبەرئەوەی ئەوان هاوکاری بوون لەکۆکردنەوەیدا، هەروەها ئەوان سیفەتە باش و خراپەکانی ئەو کەسەیان بۆ ماوەتەوە لەبەرئەوە شتێکی گونجاوە سامانەکەشی بۆ ئەوان بێت .

ئەگەر کەسێك مرد خاوەنداریێتی بۆ موڵکەکانی کۆتایی دێت بێگومان ئەم موڵك و سامانانە دەبێت بۆ کەسێکی تر بێت ئایا ئەو کەس کێیە ؟

تەنها سێ لایەنمان لەبەردەستدایە،

١- بخرێتە گەنجینەی دەوڵەتەوە .

٢- بەسەر بێگانەو دوورەکاندا دابەش بکرێت .

٣-بەسەر خزمەکاندا دابەش بکرێت .

ئەگەر خاڵی یەکەم قبوڵ بکەین ئەوا ستەمێکی گەورەیە لەبەر ئەوەی جیاوازی نیە لەنێوان دەست بەسەراگرتنی سامانی مرۆڤ لەلایەن دەوڵەتەوە لەکاتی ژیانیدا یان لەدوای مردنی هەردوکیان هەر ستەمە، هەروەها وا لەمرۆڤ دەکات کەسست بێت لەکۆمەڵگایەکی ئاوادا چونکە ڕەنجەکەی بەفیڕۆ دەچێت ، ئەگەر خاڵی دووەم وەربگرین دیسانەوە ستەمێکی ترە، لەبەرئەوە چۆن کەسانێك ببنە میراتگری کەسێك



کە هیچ پەیوەندییەکیان بەخۆی و سامانەکەیەوە نییە. لەکاتێکدا کەسانێك بێبەش بکەین کە یارمەتیانداوەو نزیکی بوون و لەوانەیە هەژارو دەستکورتیش بن، کەواتە تەنها خاڵی سێهەم مایەوە واتا سامانەکە دابەشبکرێت بەسەر خزمەکانی مردوودا .

## چوارەم : پەند لەنایەکسانی لەنێوان بەشەکاندا لەمیراتیدا :

دابەشکردنی میراتی لەئیسلامدا لەسەر ئەم بنەمایانا دارێژراوە :

بنەمای یەکەم : خزمایەتی: ئەمەش لەبەرئەوەی لەخۆیدا ڕێژەییە ئیسلام لەسەر ئاستی دوورو نزیکی ئەم خزمایەتییە جیاوازی کردووە لەبەشەکاندا هەتا خزمایەتییەکە نزیکتر بێت بەشی خاوەنەکەی زیاتر دەبێت و هەتا خزمایەتییەکە دوورتر بێت بەشەکەی کەمتر دەبێت ئەمەش دادپەروەرییە، بۆنموونە باپیر لە کوڕ دوورترە و برا لە کچ دوورترە .

بنەمای دووەم : پێویستییە: بۆ نموونە باوك و کوڕ خزمایەتییان بەمردوو وەك یەکە بەڵام بەشی کوڕ زیاترە لەبەرئەوەی کوڕ لەسەرەتای ژیانیدا پێویستی بەیارمەتییە بەڵام باوك ژیان بەجێدەهێڵێ، هەروەها لە جیاوازی بەشی کوڕو کچدا ڕەچاوەی پێویستی کراوە کاتێك کوڕ دووبەشی کچی پێدەدرێت لەبەرئەوەی ئیسلام لەهەموو ڕوویەکەوە دیراسەی ئەم حاڵەتانەی کردووە هەندێك مافی بەپیاو داوە بەڵام ئەرکیشی لەئەستۆ داناوە، ئافرەتی لە زۆر لەم ئەرکانە بەخشیوە لەبەر ئەوە هەندێ لەم مافانەیشی لێوەرگرتوەتەوە، مافی سەرداری خێزانی بەپیاو داوە و خەرجی خێزان و منداڵەکانی خستۆتە ئەستۆی، ئیسلام لە بەسۆزی بەرامبەر ئافرەت دا هەمیشە خستویەتیە بەرپرسیارێتی پیاوەوە، لەکاتێکدا کەمنداڵە باوك یان برا بەخێوی دەکات. کاتێك هاوسەرە مێرد بەخێوی دەکات، کاتێك دایك بێت کوڕ بەخێوی دەکات، ئایا

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.